بەشی دووەم:

# گەنج هێزی بەتوانای گۆڕانکاریەکانە

محمد جزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

گەنج هۆشدارێکی قسەزانی بالاّ دەستە لە وەرگرتن و دانەوەدا، بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی و لە بەردەوامی ژیان و گەشەسەندنیدا ئاوێتەی زەمینەی دەرەوەی دور و نزیکی خۆی دەبێت بە هەموو رێکخراو و هێزی ئابوری و کۆمەلأیەتی و سیاسی و یاسایی و ئاکاری و تەکنەلۆژیایەوە.. لێرەشەوە بەرەو جێگیر بوون و گونجان و نوێبوونەوە دەچێت و رەنگدانەوەی چالاکیەکانی دەبێتە کەڵك و سوود بۆ زەمینە دەرەکیەکەی کشت و کەناری، مروەنەی گەنج بۆ داهێنان و گۆڕانکاریەکان پترە لە بەشەکانی تری کۆمەڵگە، بەلأم کاتێك بەرەو ڕوبوونەوەیەکی بەرهەڵستکارانەی توش دێت .. گەنج دەکەوێتە هەڵوێست وەرگرتن هێندەی قورسایی بەرهەڵستکار و دەرئەنجام ناکۆکیەکان سەرهەڵدەدەن، ناچار ئەمیش دەکەوێتە ململانێ و کێشمانکێش لە پێناوی پارێزگاری کردن لە تواناو رۆڵ و تێگەیشتنەکانی.

گەنج  سەرەتا پشت بەستوو بە ووزە بێ سنوورەکانی خودی خۆی گەر نەزانێت چی دەکات و چی دەوێت و لە ئەندێشەیەکی فراوانیشەوە لە یاسا و رێساکان یاخی بێت، بۆ بەرەورووبونەوەکانی پرسیار و گەڕانی لە دوی وەلأمە هەمەلایەنەکانی سنور بەزێن دەبن و دەکەوێتە گوێگرتن و خوێندنەوە و بەراوردکاری و ململانێ، ئەم پرۆسەیەش لە ژیانی گەنجدا بە چەند قۆناغ و زەمینەیەکدا تێپەڕ دەبێت هەر لە زەمینەی پەیوەندیە خێزانیکانەوە تا بە رێکخراو و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە دەگات، هەڵپەی پڕ ووزە و توانادارى جموجۆڵیشی خێراییەکی لە زوو فێر بوون پێدەبەخشن ، هەمیشەش گەنج لە ململانێدا سەرەتا وەك تاك لە سنورە نزیکەکانی خودەوە دەست پێدەکات .. لەگەڵ قوڵبوونەوە و تێگەیشتنی فراوانتر..  تاکەکان یەك دەگرن و کۆکاری چالاکیەکان ساز دەدەن، کۆکاری چالاکی گەنجانیش هەمەلایەنەیە و بە شداری لە هەموو ململانێی دەم ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵگەدا دەکەن .

گەنج هەڵپەی ژیانێکی ئاسودە و ئایندەیەکی گەشیەتی .. هەر بۆیە دەرئەنجامی بەراوردکاریەکان بەرەنگاری دیاردە دزێو و نەیار و گەندەڵکان دەبێتەوە.

ئەمڕۆ پەل و پۆ هاویشتنی دیاردەی جیهانگیری ( بەکارتێکردنە یار و نەیارەکانیەوە) و بە ئەنتەرنێت کردنی جیهان و کرانەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان خێرایی لە تێگەیشتن و شارەزاکردن و وەلأمدانەوەی پرسیارەکان لای هەموان و بە تایبەت لای گەنج خێرا تر کردووە.

کانێك هەڵبژاردنەکانی ویستی گەنج لە کار و نان و ئازادی تەواوی ڕا دەربڕیندا بۆ گەنج پەراوێز بخرێت و رواڵەتکاریەکان دەرئەنجامی ناوەڕۆك جوداکان زیاتر نا یەکسان بن و زەقبوونەوە لە خۆبگرن، خۆگونجان بە تەنیا لای گەنج لە یەك ریزی بەرێکی هاوکێشەی ناکۆکیەکاندا خۆی دەبینێتەوە تا ئەو ئاستەی بەرەو نامۆیی دەبات و بەرپەرچدانەوەی ئاشکرای لێدەکەوێتەوە. بۆ نمونە

لە دیاردەکانی ئەمڕۆدا گەنج بەشداری تەواوی نیە لە پرۆسەکانی دەنگداندا.. گەنج خۆپیشاندان ساز دەکات دژ بە کەم و کورت هێنان لە کارە خزمەتگوزاریەکاندا .. دژ بە نەبوونی مسۆگەری کار و گوزەرانی باشتر .. دژ بە ئازادی ناتەواو ، هەندێك لەم جۆرە بەرپەرچدانەوانەی گەنج شیمانەی هەیە کاردانەوەی نەگەتیفی لەسەر رەوشەکە هەبێت، وەلێ پڕۆژە و بۆچوونی دەسەلأتیش لە  مەڕ هەردوو بەری هاوکێشەکەی نێوکۆمەڵگە چونیەك نین و بەو ئاقارەدا مەیلانە ئۆباڵی ئایندەی مەترسیدار بەزۆری بخرێتە سەر گەنج ، بەو بیانووەی گەنجی ئەمڕۆ گرتن و ئازاردان و کوشتن و ئەنفال و کیمیابارانی دەسەلأتی رژێمی لەناچوویان نەدیوە، پێم وایە گەر گەنجی ئەمڕۆ ئەو رەوشە ترسناکەی دوێنێی نەدیبێ لەوە تێدەگات کە کورد خاوەنی کوردستان و مێژوو و  زمانی خۆیەتی و تامەزرۆیە وەك هەموو میللەتانی تر خاوەنی کیان و دەولەتی خۆی بێت ، خۆ گەنجی ئەمڕۆ لە پارچەکانی تری کوردستاندا حوکمی داسەپاوی داگیرکەر دەبینێ، ئەوە هەر گەنجە سنور بۆ ویستە راستیەکانی دانانێ و بەردەوام لە رۆژنامە و ماڵپەڕ و پاڵتاك و کۆڕو کۆبونەوکاندا هەست بەئازاری کوردی پارچەکانی تری کوردستان دەکات و داکۆکیان لێدەکات. هیچ دەرئەنجامێك لە خۆوە نایەتە گۆڕێ .. کۆمەڵێك هۆکار لە زەمینەیەکی بۆ رەخساودا رۆڵی خۆیان تیابینیوە، دروستی لەوەدایە لە بری تێڕوانین لە یەك جەمسەری هاوکێشەکە هۆکارە بنەڕەتیەکان بخوێنرێتەوە، هەڵەکان لە کوێدایە ئەو جێیە چارە سەر بکرێت، دەبوو  میدیاکان کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیا باران و

گۆڕی به کۆمەڵ و کۆڕەو نیشانی جەماوەر و گەنجان نەدەن به مەبەستی هاندان بۆ بەشداری کردن له هەڵبژاردندا یا هەر ویستێکی حیزبی تر، نه جەماوەر بیری چۆتەوه نەگەنجانی ئەمڕۆش بێئاگان لێیان، هەر گەنجانی ئەمڕۆیه بەردەوام له نووسین و باسەکانیاندا له شیعر و هونەرەکانیاندا رۆژانه باس لەتاڵی ئەو کارەساته تراژیدیانه دەکەن ، ئەوەی بیری چۆتەوه لەو گەنجه خەباتگێڕانەی دوێنێیه که ئەمڕۆ پلەیەکی دەسەڵاتی لەدەستایه و پەرۆش نیه به خزمەتکردنی ئەم میللەته ستەم دیدەیه.. پەرۆش نیه به لانەی بێ روناکی و بێ گەرمی ماڵه شەهید و سەرقاڵی کەڵەکه کردنی سەرمایەیەکی نوستووه و دەستیشی تێناچێت له پرۆژەیەکی بەرهەمهێناندا بیخاته گەڕ، ئەوەی بیری چۆتەوه ئەوانەن گەنجیەتی و ماندوبونی خۆیوو هاوەڵاگانی بیرچۆتەوەو دیوارێکی پان و بڵندی له نێوان خۆیی و ئەو گەنجانەدا دروست کردووه که رۆڵەی گەنج و شەهید و ماندووبوەکانی دوێنێن ، دروستی کار لەوەدایه له پێناوی گۆڕانکاری و پێشکەوتندا به جەماوەر و گەنجان بووترێت ئەمه هەڵەکانه و ئەمەش گۆڕانکاریەکانمانه بۆ نه هێشتنی گەندەڵیەکان .. بۆ چاکسازیەکان.. ئەمه بەرنامەی پڕ پەرۆشی ئایندەمانه.

ئەوەی لای گەنج پرسیاره: دروستەکان له دەسەڵاتدا بۆ له نادروستەکانی قبولّ دەکەن.. راست بۆ له ناڕاستی قبولّ دەکات.. پەرۆش بۆ له ناپەرۆشی قبولّ دەکات..!؟.